ڕۆژنامەی کوردیش وێب

ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی ئازاد و سەربەخۆیە . لە لایەن کۆمەڵەی کوردیش وێب لەسەر تۆڕی نێت بڵاودەکرێتەوە

خوێنەری بەڕێز : ئەونوسینانەی لەڕۆژنامەی کوردیش وێب بڵاوەدەکرێتەوە بیروبۆچونی خاوەنەکانیانە کوردیش وێب لێی بەرپرسیارنیە

# کۆمەڵەی ڕۆشنبیری لاوانی زەنوور

## پەیرەو و پرۆگرامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری لاوانی زەنوور



*ماددەی یەکەم ناوی کۆمەڵە:

کۆمەڵەی ڕۆشنبیری لاوانی زەنوور

*ماددەی دو

بارەگای سەرەکی لەسلێمانی و هەموو ناوەندەکانی تر......

یادە .. سلێمانی

*ماددەی سێ یەم:

پێناسە

کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری دیموکراسی مەدەنی یەو خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەوییە لە پێناو بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەو هێنانەدی ئامانجەکانی لاوان و دابێن کردنی مافەکانیان و یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز بە پەروەردەیەکی مۆدێرن تێدە کۆشێت

*ماددەی چوارەم:

دروشم و ئامانجەکانی کۆمەڵە

١_نوێگەری

٢_ئازادی

٣_یەکسانی

کۆمەلە تێدەکۆشێت بۆ ئەم ئامانجانەی لای خوارەوە

١_بۆ بەرەو پێش بردنی پرۆسەی مەدەنیەت لە بواری کۆمەلایەتی و چاکسازی کەلتوری ڕاهێنانی لاو لەسەر پەروەردەیەکی هاوچەرخ.

٢_هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی لاو وە بوژاندنەوەی ئەو سەرچاوانەی دەبنە پاڵ پشت بۆ خزمەت کردنی لاو

٣_هەوڵدان بۆ نوێگەری بە دیوە ڕووناکەکەیدا

٤_هەوڵدان بۆ یەکسانی ژن و پیاو و نەهێشتنی پاشماوەی کۆنە پەرستی لە کۆمەڵگەدا.
٥_بوژاندنەوەی گیانی نیشتمانی لە لاودا.
٦_کارکردن بۆ سەربەخۆیی لاو و رزگار کردنی لەو کۆت و بەندانەی کە دەبنە ریگر لە پەرە پێدانی تواناکانی.
٧_هەڵوێست وەرگرتن لە هەر تاقم و ئایدیاو کۆمەڵێک کەدەبنە هۆکاری پاشکەوتن و تێکدانی ئارامی.
٨_دروست کردنی پەیوەندی دڵسۆزانە لەگەڵ هەرکەش و لایەن و کۆمەڵێکدا کە خزمەت بە دۆشیەی لاوان بکات لە ناوەوە و دەرەوەی وولات.

ئەمانەو چەند ماددەیەکی ترن تایبەت بەچۆنیەتی ئەندام و کارو ئیشەکانی ئەم رێخراوە کە بەم نزیکانە لە ماڵپەرێکی تایبەتدا بە کۆمەڵەی رۆشنبیری لاوانی زەنوور دەخەینە روو......

## کۆمەڵەی رۆشنبیری لاوانی زەنوور

سلێمانی ٢٨-١٠-٢٠٠٧

2005
Stichting Kurdish Web
Kurdish Web Corporation
كورديش ويب